دەستەی تەحریر شام نیوەی شاری حەلەب گرتووە و سوپای سووریا لە شارەکە کشاوەتەوە

ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سووریا دەڵێت، هێزەکانیان ڕۆژی هەینی دەستیان بەسەر کەلەژی سەربازی و کەلەژی تەپخانە لە گەڕەکی زەهرا لە شاری حەلەب گرتووە، پاش ئەوەی دەستیان بەسەر تەواوی گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری حەلەبدا لە باکووری سووریا گرت و هەروەها دەستیان بەسەر شاری سەراقب دا گرت کە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگە لە دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی سوریا و هاوپەیمانەکانیان.

ئۆپۆزسیۆنی سووریا دەڵێت: هێزەکانیان دەستیان بەسەر بارەگای پۆلیس لە حەلەب و بینای پارێزگا و کۆشکی شارەوانی و گەڕەپانی سەرەکی ناوەڕاستی شار و 14 گەڕەکی نیشتەجێبوون لە ڕۆژئاوا و باشوور و ناوەڕاستی شارەکە گرتووە.

ئۆپۆزسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت ڕایگەیاند، "قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە شاری حەلەب تا بەیانی ڕۆژی شەممە بەردەوام دەبێت بەمەبەستی پاراستنی سەلامەتی هاوڵاتیان"، دەشێن، "لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا حەلەب لە ڕووی سەربازی و ئەمنی پارێزراو دەبێت و دواتر شارەکە بەتەواوی لەدەست ڕژێمی سووریا و بەشار ئەسەد ئازاد دەکرێت".

لەلایەکی ترەوە، وتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەد)، فەرهاد شامی دوێنێ هەینی لە

لەدوانەکیدا لەگەڵ کەناڵی ڕووناهی گوتوویەتی: بە چەی چاودێری دەخی حەلەب دەکەین، ئەم هێرشانە و توندوتیژیەی حەلەب لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت.

فەرهاد شامی لەبارەی هێرشەکانی هەسەد لەو توندوتیژیانە وتی: ئەرکی ئەمە پاراستنی گەل و خاکەکەمانە و لەکاتی پێویستدا هێرشەکان دەبێت و وەڵام دەدەینەوە.

لەسەر ئەم ڕووداوانە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاراستنی سەقامگیری لە ئیدلب و ناوچە سنوورەکانمان، وەک ئەولەویەتێک بە تورکیا دەمێنێتەوە.

دواجار ئەمە شەممە 30ـی تشرینی دووەمی 2024، ڕوانگەی سووری بە مافکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، کە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت بە هەبەری گرووپی دەستی تەحریر شام نیوەی حەلەبی گرتووە و سوپای سووریا لە شارەکە کشاوەتەوە.